# فینلەندییەکان زۆییەکانی نزیک سنووری ڕووسیا بەجێدەهێڵن

هیکی ئێهاتیانەن، جێگری فەرماندەی پاسەوانی سنووری ڕۆژهەڵاتی فینلەندا ڕایگەیاند، نیگەرانین لەوەی فینلەندییەکان زۆییەکانی نزیک سنووری ڕووسیا جێدەهێڵن.

ئاهاتیانەن ئاماژەی بەوەشکرد، دانیشتووانی ناوچە سنووریەکان یەکەم کەسن کە سەرنجی کەسانی گومانلێکراو سەر سنوورکە دەدەن و پەیوەندی بە خزمەتگوزاریی سنووریەوە دەکەن.

هەروەها وتیشی: "لەشاوی ڕابردوودا دانیشتووان لە ناوچە سنووریەکانەوە ڕاپۆرتی کاریگەری لەسەر دۆخی گشتیی سنوور لێگەڵ ڕووسیا هەبووە".

هەروەها جەختی لەوەش کردەوە، تێلەبەندە سنووریەکە بە درێژی 200 کیلۆمەتر، سنوور بەتەواوی ناگرێتەوە و نابێتە بەربەستێکی تەواو لەبەردەم کۆچبەرانی نایاسایی".

لە 9ـی تشرینی دووەمی ساڵی ڕابردوو فینلاند دەستی کردووە بە سڕپاندنی سنوورداركردنی هاتنی کۆچبەران لە ڕووسیاوە لە ژێر ڕۆشنایی لێشاوی بەکۆنترۆڵی کۆچبەران لە وەاتانی سێیەمەوە.